# مانای ناوی ئۆتۆمبیلەکان

کەم کەس هەیە نەزانێت ئۆتۆمبیل لێ بخورێت، بەتایبەتی پیاوەکان، ئەو ماشـێنەی ڕۆژ بەڕۆژ لە گەشەسەندندایە و هۆکارێکی سەرەکی هاتوچۆی هاووڵاتییانە.

کەسـانێک هــەن، خویان بە جۆرێک لــەو ئۆتۆمبیلانە گرتــووە و ناتوانن جگە لەو ئۆتۆمبیلی تر بە ماشێن نازانن، بۆ نموونە پارێزەرێکی گەنج کە ئۆتۆمبیلێکی جۆری (BMW) ی هەیــە، پێی وایە هیــچ ئۆتۆمبیلێک نییە بتوانێت خۆی لە قەرەی بی ئێم بدات.

لــێ خەڵکانێک هــەن، چێژ لەوە دەبییــن کە زوو جــۆر و مۆدێلی ئۆتۆمبیلەکانیان بگۆڕن.

ئــەوەی لێرە ئێمــە گەرەکمانە، مانای ناوی ئــەو ئۆتۆمبیلانەیە، کە زۆربەمان نایزانین. وا لە خوارەرە ئاماژەی پێ دەکەین.






کامری: تاج بە ژاپۆنی

کراون: تاج بە ئینگلیزی

متسیۆبۆشی: سێ ئاڵتون

ئەسکالید: هەڵگەڕان بە قەڵای سەختدا

کاپرێس: ئارەزوو

تاهۆ: ناوی نیمچە دورگەیەکە دەکەوێتە سنووری نێوان ویلایەتی کالیفۆرنیا و نیڤادا

جاکوار: پڵنگ

مارسیدس: جوانە

ڤۆلکس واگن: ئۆتۆمبیلی گەل

جمس: گەڕەک (لەبەر گەورەیی قەبارەی)

مێرکوری: لە ئەستێرەی عەتاردەوە

انفینیتی: بێکۆتایی

باثفایندەر: دۆزەرەوەی ڕێگاکان

سەننی: گەشبین

ماکسیما: ئەوپەڕی

پۆلۆ: یارییەکی ئینگلیزیی تایبەت بە دەوڵەمەندەکانە




ئەڤەلۆن: شوێنێکە لە ئینگلتەرە کە گۆڕی شا ئارثەری لێیە

ئەسکۆرت: گواستنەوە

لاندکرۆزەر: زەوی بڕ

دۆج سوبری: هەنگی برەڕ

هۆندای : ئۆتۆمبیلی شار

جیب رانگلەر: شوانی مانگا یا کاوبۆی

